## سەروتار

# ڕۆڵگێڕی سەرەکی، بەڵام لە فیتنەگەری

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی –ئەی بی سی- ئەمریکی و لە وەڵامی پرسیارێکی ئەو کەناڵە سەبارەت بە هەڵوێستی ڕژێمەکەی لە بارەی مەسەلەی عێراقی،سەرۆکی سوریا گوتی:"زۆرن ئەوانەی ڕۆڵیان لە تەنگژەی عێراقی هەیە بەڵام سوریا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ".بەمەش جێگرەوەی سەرۆکایەتی سوری دان بەوە دەنێت کە ڕژێمەکەی گەورەترین بەشی لە تاوانەکان و کردەوە تیرۆریستیەکان هەیە کە ڕۆژانە لەم وڵاتە ڕوودەدەن و لەهەمان کاتدا پەیام دەنێرێ بۆ چەندین لایەنی پەیوەندیدار بە کاروباری عێراقی و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ناوەڕۆکی پەیامەکەی بریتییە لە ئامادەیی ڕژێمەکەی بۆ بەستنی ڕێککەوتن و سەوداگەری سەبارەت بە عێراق و هەردوو تەنگژەی لوبنان و فەلەستین بێشەرمانە بەمەرجی ئەوەی کە ڕژێمە سەرکوتکارەکەی پارێزراوبێت و تووشی دارمان نەیەت و بابەتی دادگایەکی هاوشێوەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە تاوانی تیرۆر کردنی سەرۆك حەریری ڕابگیرێت،بەجۆرێك کە ئامادەیە لەڕێگەی گفتوگۆ دەربارەی زەویە داگیرکراوەکانی سوریا دەستهەڵگرتن پێشکەش بە ئیسرائیل بکات،ئەمەش لەدوو هەفتەی ڕابردوو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەریا نخست.

ئەگەر خواستی ڕژێمی سوری پاك بێ بە ئاراستەی پاڵپشتی کردنی هەوڵەکانی تیرۆر لە عێراق، ئەوا پێویست ناکات لێدوان و ڕۆڵی سەرەکی و نا سەرەکی ڕابگەیەنن،مەسەلەکە دێتەدی بە ڕاگرتنی پەڕاندنەوەی تیرۆریستان و چەك بۆ خاکی عێراق لە ڕێگای سوریاوە و ڕاگرتنی فشاری ڕاگەیاندن لە دژی حکومەتە شەرعیەکەی و داننان بە دەستووری عێراق و فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان و پرۆسەی سیاسی دیموکراتی دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت، بەڵام ئەو ڕژێمە مەسەلەکەی یکلایی کردەوە بە چوونە پاڵ تەوەری ئێرانی و دژایەتی کردنی باری تازە لە عێراق بێ سڵەمینەوە و لەکاتی سەردانی شاندی فەرمی بەسەرۆکایەتی سەرۆکی وڵات ئەوەی گووترا و ئەوەی بەڵێنی لەسەردرا هەموو بەهەدەر درا بە سەر دانی شێخی تیرۆریستان –حارس ئەلزاری- کە وەك شاندێکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ کرا.

بەرژەوەندی هەموو ئەو لایەنانەی کە چارەنووسیان بەستووە بە پرۆسەی گۆڕانکاری دیموکراتی لە ناوچەکە لە عیراقەوە تا سوریا و لوبنان و فەلەستین، وا پێویست دەکات کە پەلە بکەن لە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی تەوەری ڕێگری کە لە هەردوو ڕژێمی دیمەشق و تاران و کۆمەڵەکانی ئیسلامی توندڕەو پێك دێ، هەروەها دەستپێشخەری کردن لە تەنسیق کردن لەگەڵ ڕێکخراوە میانڕەوە زیان پێگەیشتووەکان سەبارەت بە مەرامەکانی ئەو تەوەرە کە ڕەگی فیتنە و کوشتنی مەزهەبی و ڕەگەزی لە تەواوی ناوچەکە( ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ) دادەکوتێ.